هەرکەسێک خوای گەورە بیکات بە بەرپرسیار لەسەر شتێک لە کاروباری مسوڵمانان، خۆی لێیان دوور بکاتەوە؛ پێویستیەکانیان جێبەجێ نەکات، ونەداری وهەژاریان لەسەر لا نەبات، خوای گەورە لە خۆی دووری دەکاتەوە؛ پێویستیەکانی جێبەجێ ناکات، ونەداری وهەژاربوونی لەسەر لا نادات

لە ئەبی مەریەمی ئەزدیەوە دەڵێت: چوومە ژوورەوە بۆ لای موعاویە ووتی: چەند خۆش بوو سەردانی ئێمەت کرد ئەی ئەبو فلّان، ووتم: فەرموودەیەکت پێدەڵێم کە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- بیستوومە، دەفەرموێت: «هەرکەسێک خوای گەورە بیکات بە بەرپرسیار لەسەر شتێک لە کاروباری مسوڵمانان، خۆی لێیان دوور بکاتەوە؛ پێویستیەکانیان جێبەجێ نەکات، ونەداری وهەژاریان لەسەر لا نەبات، خوای گەورە لە خۆی دووری دەکاتەوە؛ پێویستیەکانی جێبەجێ ناکات، ونەداری وهەژاربوونی لەسەر لانادات»، دەڵێت: «پیاوێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی پێداویستی خەڵکی جێبەجێ بکات».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبی مەریەمی ئەزدی باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژێکیان چووە ژوورەوە بۆ لای موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت-، موعاویە دڵخۆش بوو بە سەردانەکەی وپێشوازی لێیکرد، ئەبو مەریەم فەرموودەیەکی بۆی باسکرد کە لە پێغەمبەرەوە بیستوویەتی -صلى الله عليه وسلم-، وتێیدا هاتووە: هەرکەسێک خوای گەورە بیکات بە بەرپرسیار لەسەر شتێک لە کاروباری مسوڵمانان، وفەرمانڕەوایەتی لە ژێر دەستی ئەودا بێت وخۆی لێیان دوور بکاتەوە؛ ئەوەی ئەرکە لەسەری لە مافەکان جێبەجێی نەکات لەو شتانەی خوای گەورە واجبی کردووە، ودەرگایان لەسەر دابخات ونەتوانن پێی بگەن، ئەوا خوای گەورە ئەو کاربەدەستە لە خۆی دووری دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ ئەمیش وەکو سزایەک بەرامبەر ئەوەی کردوویەتی لە دونیادا بەرامبەر خەڵکی، وئەگەر خوای گەورە پێویستیەکانی جێبەجێ ناکات؛ فەزڵ وڕەحمەتی خۆی پێنابەخشێت، وکاتێک موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەم فەرموودەیەی بیست؛ پیاوێکی دەستنیشانکرد بۆئەوەی پێشوازی لە خەڵکی بکات وپرسیار بکات سەبارەت پێداویستیەکانیان، وپاشان بەرزی بکاتەوە بۆ لای موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت-کاتێک ئەمیری ئیمانداران بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64688